KURDISTAN NET
کوردستان نێت
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-11-2007 21:02بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## دەبێت لەبەردەم جیهاندا ئاشتیخواز دەربکەوین و لەوەشدا درۆ نەکەین.. !! رۆژ

ئەمەی سەرەوە دێرێکی یاخییانەی بەختیار عەلی رۆماننووسی کوردە کە لە دووتوێی تیروانینی سیاسیانەییدا لە هەمبەر پرسی کورد-تورکیا، بەواتایەکی دیکە ئاریشەی پەکەکە تورکیا لە ژمارە 22 ی هەفتەنامەی بزاودا خستویەتییە روو. شێتانەیە منێك دیارە بەڕای خۆم بمەوێت رەخنە لە ئەو کەڵە رۆشنبیرە بگرم، بەڵام بەو پوختەی بیروبۆچوونەی بەر لە چاوەڕوانی کردنی هەفتەی داهاتوو ویستم شتێك بڵێم کە هەراسانی کردووم.

بەڕێز بەختیار هەر لەسەرەتای خستنە ڕووی دیدی خۆی کە بەشێکی کەمی بڵاوبۆتەوە و گوایە ئەوی دیکەی لە ژمارەی داهاتوویدا دەخەنەڕوو زۆر بێ ویژدانانە سایسەتی کورد یان چۆنییەتی سایسەتکردنی سەرکردایەتی سیاسیی کورد زەڕبی سفر دەکات و پێی وایە کە کورد هەر لە ئەزەلەوە نەیزانیوە و ببڕای ببڕ فێری سیاسەتیش نابێت. ئەوەتا ئەو دەڵێت:"ئیمە باجی ئەو هەڵانە دەدەین کە پازدە ساڵە تیایدا نوقومین. " من وەك خوێنەرێکی خۆی (بەختیار عەلی) دەپرسم ئەدی ئەگەر نوقومی سیاسەتێکی ناتەندروست بین، چۆنە حکوومەتێکی نیمچە دیموکرات ئەو پانزدە ساڵە لە نێو هەناوی ئەژدیهاکەکاندا (تورکیا-ئیران-عەرەب) توانایی لەسەر پێ وەستانی هەبووە؟. ئێ باشە ئەگەر لەسیاسەت کردن تەکتیك و دیپلۆماسییەت دوو رەگەزی هەرە کاریگەر و سەرەکی نەبن وەك ئەوەی گوتوتە:"لە سیاسەتدا کەس ناتوانێت بە تەکنیك و دیپلۆماسییەت بژی". دەپرسم ئەدی ئەگەر لە سیاسەتی دیپلۆماسییەتدا لە بەرانبەر دۆستدا نەرم و دوژمنانیش بە کارتی گوشار توندی نەنوێندرێت، وەك ئەوەی کورد لە ئێستادا گرتوویەتییە بەر دەبێت چ بکات؟. خۆ دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرییەکی شکۆدار نیت وەك ئەوەی تورکیا لەبەرانبەر ئێمەدا بە ئابڵۆقەی ئابووری و بڕینی رێی گەشتە ئاسمانییەکان توانستی ئەو سیاسەت کردنەی هەبێت کە بە تەندروستتری بزانین.

کاك بەختیار دەڵێت:"لێرەوە لێدوانی سەرۆکە کوردەکان هەرچییەك بێت رۆڵێکی زۆر گرنگ نابینێت، مەترسی تورکیا و دوژمنانی دەوروبەر مەترسییەکی درێژخایەن و هەمیشەییە، لەبەر ئەوە دەبێت لە ئاستی درێژخایەندا ستراتیژێکی تەواو و هەمەلایەنەمان بەرابەری هەبێت". بۆ من دوو جار جێی پرسیارە. یاخود دەبێت لە زوبانی نا رۆشنی سیاسییانەی ئەو رۆشنبیرە زەبەلاحە تێ نەگەم کە ئەو خۆی لە چەند دێڕی سەرەوەدا سیاسەتی پانزدە ساڵەی کورد بە هەڵە دەزانێت و لێرەشەوە داوایان لێ دەکات سیاسەتی درێژخایەنیان هەبێت لە لایەك. لە لایەکی دیکەوە پێدەچێت گوتاری سیاسی سەرکردایەتی کوردی نەنرخاندبێت و لێی بێ ئاگا بێت، خوانەخواستە ناڵێم لێی تێ ناگات، کە لە مێژووی کورددا گوتاری سیاسی رابەرانەی لە شێوەی ئێستای بە خۆوە نەدیوە. کەچی لێکدانەوەی بۆ دەکەیت. باشە ئەگەر سەرکردایەتییەك نوقومی دەریایەك لە هەڵەی کردووین لە ئەزمەدا چ توانایەکیان لە پێشبینی کردن و ستراتیژیەتی درێژخایەندا هەیە؟، ئەگەر دوو گوتار و دوو شێوە سیاسەت کردن لە سەرکردەکاندا بەدی دەکەیت دەی بۆ بوێر نابیت وەك ئەوەی لە شکاندنی کۆت گەلی کۆمەڵایەتی تێکۆشاویت و نایخەیتە ڕوو؟. ئەمەش دێڕێکی دیکەیەتی:"سیاسیی کورد زۆرجار هێزێك نیشان دەدات کە نییەتی، زۆرجاریش لاوازییەك نیشان دەدات کە بێسوودە و پشتشکێنە و هیچ قازانجێکی تەکتیکی و ستراتیژی نییە. " ئەگەر مەبەست لە "هێز" گوتاری و نەتەوەیی مەسعوود بارزانی بێت ئەدی ئەلتەرناتیڤی بەرەنگاری کردن لە خاك و نیشتمان کامەیە؟، بۆ رۆشنبیرێك دەبێت پێی وابێت کاتێك سەرۆکی حکوومەت بۆ کەمێك لە هێورکردنەوەی ئاریشەی نێوانمان لۆژیکانە خوازیاری ئەوەیە پەکەکە هێندە سنوور نەبەزێنێت و تەنانەت کەمێك لە خەم ئەو هەموو خوێنەدا بێت کە حکوومەتی کوردی پێ ئاوا کراوە، کاتێك داوایان لێ دەکات پابەندی ئەو ئاگربەستە بن کە خۆیان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-11-2007 21:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

رایانگەیاندبوو دەشێت بە پشتشکێی بچوێنیت.. ؟! ئێ خۆ خۆت گوتوتە تورکیا دوژمنێکی سەرسەختە و پلان و ستراتیژی درێژخایەنی پێویستە چۆن لەمەشیاندا لۆژیك بە ناتەندروست دەزانیت؟، بۆ پێت وایە قسەکردن لە سنوور بۆ دانان کۆتایی گەمەکەیە، یاخود زمانی دیپلۆماسییەتە دەیەوێت درێژە بە گەشەدانی حکوومەتێك دەدات کە دوا جار پارچەکانی دیکە لێوەی سوودمەند دەبن؟.

دەڵێت:"بەرەی لێدوانی رۆژنامەوانی دوایەمین بەرەیەتی، بەڵام سیاسەتی کوردییەکان ئەم بەرەیان کردووە بە یەکەم و دوا بەرە. " باشە ئەدی راگەیاندن چ رۆڵێکی دیکە لەبری ئەوەی وەك رایەڵێك لە نێوان نەتەوە و حکوومەتەکاندا بۆ لێك نزیکبوونەوە دەگێرێت و، ئەدی ئەو جیهانە بەم رێگەیەوە نییە ئەو گوندەیە زۆر جاران باسی لێوە دەکەیت؟، لە لایەکی دیکەوە بێ ئاگایی خۆت لە گوتاری سیاسی کورد نیشاندا بەوەی کە بارزانی دەمێکە گوتویەتی ئەوان (تورکەکان) یاخود تۆ گوتەنی (جەنەراڵەکان) نایەنە ژێر باری دانوستان لەگەڵ کورد. باشە وەك گوتم لەبری لێدوانی رۆژنامەوانی ئەلتەرناتیڤ چییە؟.

ئێ باشە کاك بەختیار حکوومەتێکی ناسەربەخۆ بە دوژمن دەورە درابێت و پانزدە ساڵە گۆڕانی قوڵی لە هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی وەبەرهێنابێت، بەمەرجێك ژێرخانێکی ئابووری جێگیری نەبێت، توانایی خۆڕاگرتنێکی لەمجۆرەشی هەبێت کە بە نوقومبوون بچوێندرێت ئەگەر پلان و ستراتیژی نەبێت دەپرسم، چۆنە ماوە؟. بەڕاست دیارە کەس لاری نییە لەوەی کەموکوڕی لە ئەدای سیاسەتی دیپلۆماسیی و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی کاروباری حکوومەتدا هەیە، بەڵام ناشێت بگوترێت بە فوان راوەستاوە. خۆ تۆ هێندەی چیرۆکەکانت ناساندوویانی دژایەتی کردنت بۆ دەسەڵات نییە. کەواتە لەبری بەدرۆزن چواندنی سەرکردایەتی سیاسی کورد و بەوجۆرەی بە یاخی ناسێندراویت با هەر بەڕووە کۆمەڵایەتییەکەی بێت. ئامۆژگاریت دەکەم وەك چۆن دەتەوێت ئامۆژگاری سەرکردایەتی سیاسی کورد بکەیت خوێنەرەکانت بەمنیشەوە پێویستییان بە چیرۆکیکی دیکەت هەیەو چاوەڕوانی لێکدانەوەی سیاسییانەت نین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.